# قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی مێژووی مرۆڤ


هەڵکەوت محەمەد پشدەری
(کەنەدا)


ئەگەر لە مێژووی فەلسەفە بدوێین، باسکردنی کاتەکەی بنچینەییە، دابەشبوونی کاتەکانی ئەو مێژووە دەبێ ڕەنگدانەوەی دابەشبوونی ژیرویژی پێشکەوتنخوازی ناو مێژوو بێت، بە بۆچوونی فەیلەسووفی فینلاندایی (مەتی پۆلاککا ١٩٤٧ - ٢٠١٨)، فەلسەفەی مێژوو لە سەرێکەوە بە بیردۆزی پێشکەوتنی کۆمەڵگەوە بەندە، واتە بەندە بە چەمکەکانی پێشکەوتنی ئەخلاقی، سیاسی و ڕەوشت بەرزی. لە سەرێکی دیکەوە بە پێناسەی کۆمەڵگەی ڕەسەن و نوێی مرۆڤەوە بەندە.

لە چەند ساڵی ڕابوردوودا، چەند کارێکی باش بڵاوکرانەوە، تێیاندا نوێترین زانیارییەکان سەبارەت بە سەدەکانی پێش مێژوو لەگەڵ تێڕوانینێکی گشتگیری مێژووی مرۆڤایەتی، تێکەڵ کراوە، دەکرێ لە بەناوبانگترینیان ئەوەی یۆڤال نووح هەراری بێت بە ناوی (سایپیانس – کورتەیەکی مێژوویی مرۆڤ) و سێ بەشەکەی ویلیام جارید کە تێیدا تێڕوانینی خۆی بۆ مێژوو نیشان دەدات، بە تایبەتی بە ڕای ئێمە (چەکەکان، میکرۆبەکان و ئاسن) باشترین بەشە، لە پاڵیاندا ئەوەی جەی ئاڕ مەکنیلز بە ناوی (تۆڕی مرۆڤ- ڕوانین لە چاوی باڵندەوە بۆ مێژووی جیهان) و لە کاتی خۆی سەرنجی زۆری ڕاکێشا، ئەوەی

لـه نـاو هەموویـان وەک کەموکـووڕی دیـارە، نەبوونـی فەلسـەفەی مێژوویـە، کـە تێڕوانینێکـی گشـتگیریان بـۆ فەلسـەفەی مێـژوو نییـە، بـە تایبەتیـش گەنگەشـەکانی هـزر لـە سـەردەمی پێشـوو. چەمکـی مـاددی مارکسـیزم بـۆ مێـژوو پەیـڕەو کـرا و هەنـدێ کەموکـووڕی کوشندەیشـی قبـووڵ کـرا، لـە ئەنجامـدا سەرلێشـێواوی بـۆ چەمکـەکان لـە ئەدەبیاتـی ئـەو بـوارەدا دروسـت کرد، هیـچ توێـژەر و زانایـەک نەیتوانی وێنەیەکـی یەکگـر و تـەواو، پێـک بهێنـێ، بـەڵام کارەکانیـان هەریەکـە بـە تەنیـا، مایـەی دەستخۆشـین.

خاڵـی سـەرەتای فەلسـەفەی پـۆلاککا بـۆ مێـژوو، ڕەخنەگرتنـی ڕێکخراو (سیسـتماتیک)ی مارکسـیزمە. لەسـەر ئـەو بنەمایـە، تێکەڵەیەکـی نوێـی بـۆ فەلسـەفەی مێـژوو داهێنـا، تێڕوانینـی پـۆلاککا بریتییـە لـە تێکەڵکردنـی ئەرسـتۆ – هیگڵ– مارکس، لـە هەموویانـی هەڵێنجـاوە و هەڵیگەڕاندوونەتـەوە.

## ڕەگـی سایکۆلۆجیەتی کرداری گۆڕان، گەشەکردن و بەرەوپێشچوون (evolution)

لـە ڕوانگـەی توێکارییـەوە، مـرۆڤ نـەوەی مەیموونەکانـە. پێشـکەوتن و بەرەوپێشـچوونی بایۆلۆجـی نەبـووە لـە دایکبوونـی باپیرەگـەورەی مـرۆڤ، ئـەوە گۆڕانـکاری کۆمەڵگەبـوو ڕۆڵـی یەکلاکـەرەوەی هەبـوو، هۆمۆجینـەس (باپیرەگـەورەی مرۆڤـە)، ڕەگـی لـە نـاو هەمـوو ئـەو بوونەوەرانـەدا هەیـە کـە ئەندامەکانـی کاریگەرییـان بـە پێـی کارلێککـردن و وەرگرتـن لـە یەکتـری، لەسـەر شـوێنی تاکەکانـی لـە کۆمەڵگەکەیدا هەبـوو، کاتێـک ئـەو جـۆرە هەڵسـوکەوتانە وەک میراتـی کۆمەڵگـە دەمێنێتـەوە، دەبێتـە بەرەوپێشـچوونی ئەخلاقـی بوونەوەرەکـە، دەکرێ ئـەو جـۆرە بەرەوپێشـچوونە لە هەنـدێ لـە شـیردەرەکان ببینـرێ (نەهەنگـی پشـت کـووڕی کوشـندە و دۆلفینـی لـووت باریـک)، لـە باڵنـدەدا (قەلـەڕەش، قەلەڕەشـی کالیدۆنیـای نـوێ، تووتـی بـۆر)، سـەگەکان، مەیموونـەکان (چامپانـزی، بۆنۆبـۆ، گۆرێلـلا، مەیموونـی پرتەقاڵـی، کاپوچیـن و مـاکاک) و شەمشـەمەکوێرەی خوێنمـژ.

## کۆمەڵەکانی مرۆڤی هۆمۆجینەس (٢ ملیۆن و نیو ساڵ لەمەوبەر)

سـاردبوونی کەشـوهەوا لەوەرگـەی پانوبەرینـی ئەفریقـای هێنـا کایـەوە، لـەو بارودۆخـە نوێیـەدا، وەک لـە پاشـماوەی ئامـرازە بەردەکانـی بڕیـن دیـارە، هەندێکیـان لاشـەی ئاژەڵـە مردووەکانیـان دەخـوارد، ئـەو کاتـە ئابـووری کۆمەڵـە ڕاوچییەکان دەرکـەوت، ژیانـی تاکـی هـەر کۆمەڵێـک پشـتی بـە دابەشـبوونی ئەرکـەکان بەسـەر تـاک، یـان چەنـد تاکێـک، بەسـتبوو، دەسـتکەوتنی خـواردن بـە دابەشـکردنی ئـەرک پێویسـتی بـە هەنـدێ ڕێسـا و سەرپەرشـتی بـوو، دابەشـکردن لـە ژێـر چاودێـری و بەکۆمـەڵ دەکـرا، فێڵبـاز سـزا دەدرا، ئـەوە شـێوازێکی نوێـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵگـە بـوو، لەوێـوە کۆمەڵگـە، خونچـەی دا.

«ڕوحـی یاسـا» بـووە سرێشـی بەیەکـەوە بەسـتنی کۆمەڵـەکان، بۆیـە لەگـەڵ تاکەکانـی نـاو ئـەو کۆمەڵـە، کۆمەڵـەکان بوونـە یەکەمیـن یەکـەی هەڵبژاردنـی سروشـتی، دواییـش بـووە تاکـە یەکـەی ئـەو داکردنـە (پرۆسـەیە)، هەرچـی پێشـکەوتنی کۆمەڵگەیـە، هەمـوو مرۆڤـی هۆمۆجینـەس لـە نێوان ٢ ملیـۆن و نیـو تـا ٦٠ هـەزار سـاڵ لەمەوبـەر، لـە هەمـان جـۆر بـوون، لەوانـە هۆمۆسـاپیپیان بـەر لـە ٢٠٠ هـەزار سـاڵ دەرکەوتـوون، پێچەوانـەی ئەدەبیـات بـە هەمـوو ئەوانـە دەڵێیـن «پیـاوی مەیمـوون».

پێشـکەوتنی ڕیکخـراو و باشبوونی خـواردن، لـە

کرداری گۆڕان، گەشەکردن و بەرەوپێشچوون (التطور) بەشداربوو، بۆ نموونە، بە گەورەبوونی مێشک، کە ئەویش وای کرد ئامرازی باشتر دروست بکات، لەو ماوەی ٢ ملیۆن و نیو ساڵە، جینەکانی ڕێکخستنی هەڵسوکەوتی تاک و کۆی مرۆڤ دەرکەوتن، لە ناویاندا حەزی کوێرانەی دەسەلات و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو یاسایانەی دەسەلات سنووردار دەکەن — توانایی خۆ کپ کردن.

## خێڵە ڕاوچییەکان ٦٠ هەزارساڵ لەمەوبەر

بە تێکچوونی بارودۆخی سروشت، هەندێ کۆمەڵی هۆمۆساپییان کۆمەک و هاوکاری هەمیشەییان گرتەبەر، خێڵەکانی ڕاوچییەکان دەرکەوتن، ئەوانە پێیان دەڵێن کۆمەڵگە سەرەتاییەکان. لە خێڵەکاندا، ئەرک و داهاتەکان بەسەر دەستەدا دابەش دەکرا، نەک بەسەر ئەندامانی کۆمەڵگە، یەکە سەرەکییەکان بۆ دابینکردنی خواردن، پشتیان بە یەکتر نەدەبەست. هەموو ئەندامانی خێڵەکە لە ژێر هەمان یاسادا بوون.

لەگەڵ دەرکەوتنی درککردن، هەستی دادوەریی پەیدابوو، ئەوە لە هێماکان، هونەر، داهێنانی تەکنۆلۆجیا و توانایی خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانەکان، دیارە. ئاماژەکانی ئەو هەستە دۆزراونەتەوە ( بۆ نموونە بەر لە ١٢٠ هەزار ساڵ لە باشووری ئافریقا)، بەلام بە بەراورد لەگەڵ ٢ ملیۆن و نیو ساڵ، ئەو گۆڕانە زۆر بوو، هیچ بازێکی جین ناتوانێ ئەو گۆڕانە گەورەیە بکات.

هەستی دادپەروەری، مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە. ئەوە ڕەوشتی دادپەروەرییە ئامادەبێ، بێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی کەسی و لە بارودۆخی زۆر دژبەیەک، بابەتیانە بیر بکاتەوە.

لە خێڵدا، یاساکان مافی مرۆڤ بوون کە تاکەکانی خێڵەکەی لە تاکەکانی دیکە دەپاراست. مرۆڤ پێویستی بە کۆمەڵگە بوو تا خۆی لە سروشتی خۆی، بپارێزێ. ئەندامەکان دەیانتوانی لە دەستەیەک بۆ دەستەیەکی دیکەی ناو یەک خێڵ بگوازنەوە (ئەوە لە مرۆڤی سەرەتایی نەبوو). لە ئەنجامدا ئەندامانی خێڵ بۆ پاراستنی ئەو بەهایەنەی بە گرنگیان دانا، یەکیان گرت و هاوڕێیەتی و پێوەندی خۆشەویستییان هەڵچنی. چەمکی دادپەروەری، مەرجە پێشینەکانی ژیریی ڕەوشت لە دایک بوون.

لە ناو خێڵدا، هەستی دادپەروەری خۆی بووە ئامراز و مەبەست. خێڵەکان ڕێکخراوەی داخراو بوون، هەموو خێڵەکانی دیکەی وەک دوژمن تەماشا دەکرد، لە دژی ئەوانی دیکە، ڕوحی خێڵەکیمان ئاژەڵانە بوو، ئێستا بەو ئەنجامە گەیشتووین، کە ڕابوردوومان پڕ توندوتیژی بووە، بەلام جەنگ نەبووە، چونکە جەنگ بە قازانج بۆمان نەدەشکایەوە. پێشکەوتنی کۆمەڵگە درێژکراوەی پێشکەوتنی بایۆلۆجییە.

خێڵ ڕێکخراوەیەکی سیاسی بوو، ناکۆکییەکانی لە بەرژەوەندی کۆمەڵگە، چارەسەر دەکرد. پێشکەوتنی سیاسی بووە هێزی پاڵنەری گەشە و بەرەوپێشچوون.

## شارستانییەتی بێ دەوڵەت، ١٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر

لە شارستانیەتدا، شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان لە لایەن هەمان دەستەوە بەڕێوەدەبران، بەرهەمهێنان کۆمەڵگەی ڕێک خست. شارستانیەتەکان لە کۆتایی سەردەمی پێش مێژوو دەستیان پێ کرد. کۆمەڵی خەڵک لە چەند ناوچەیەکی دەوڵەمەندی سروشتی جێگیربوون. ئەو جێگیربوونە

تـا ڕادەیـەک بـە کشـتوکاڵەوە پەیوەسـت بـوو، ئـەوە بـووە هـۆی دابەشـبوونێکی هەمیشـەیی کار و بازرگانی، بـۆ نموونـە جووتیـارەکان، ئاژەڵـداران، ڕاوچییـەکان و درووێنـەری بەرووبوومـەکان. ئـەو داکردنـە درێژخایـەن و ئاڵـۆز بـوو، لەگـەڵ بارودۆخـی سروشـتییش دەگـۆڕا، ژمـارەی ئەندامـان زۆر بـوون. شـوێنی نیشـتەجێ و حەوانەوەیـش زۆربـوون، دابەشـکردنی ئەرکـەکان واڵاتـر بـوو و جـۆری دیکـەی لێـوە دەرکـەوت، چەنـدی دەهـات دابەشـکردنی کاڵاکان ئاڵۆزتـر دەبـوون.

لـە خێڵەکانـی کۆمەڵە ڕاوچییەکان، هەر یەکەیەکی خێڵەکـە بەشـی خـۆی خواردنـی دابیـن دەکـرد. لـە شارسـتانیەتدا، ژیـان لـە بنچینـەدا بـە دابەشـکردنی ئەرکـەکان لـە نێـوان یەکـە سـەرەتاییەکان، یـان تەنانـەت لـە نێـوان یەکـە ئابوورییەکانـدا بەنـدە. بـە دەرکەوتنـی شارسـتانیەت، ڕێـگای مرۆڤایەتـی بـۆ دوو لا دابـەش بـوو، ئەگەرچـی تێکەڵبـوون هەبـوو، بـەڵام جیاوازییـەکان دیـار بـوون:

١) لەسـەر بنچینـەی خزمایەتـی و پێوەنـدی خێڵەکی و میراتگری کە تێیدا سـەرۆکەکەیان شـوێن پێـی باڵاتـری بەدەسـت دەهێنـا، هاوپەیمانیەتـی لـە نێـوان چەنـد خێڵێـک (نێوخێڵەکـی) دروسـت بـوو. ئـەو کۆمەڵگەیانـە یەکەمیـن کۆمەڵگـەی چینبەنـد (کۆمەڵگـە بـۆ چەنـد چینێـک دابـەش کرابـوو) بـوون و زۆریـش توندئـاژۆ بـوون، بـا ناویـان بنێیـن سـەرەخێڵەکان. لـە ناوخۆیانـدا جێگیـر نەبـوون، پێکهاتـەی بەڕێوەبردنیـان نەبـوو تـا بتوانـن ناوچـەی دیکـە بـۆ بەردەوامـی باکارهێنانیـان بخەنـە ژێـر ڕکێفـی خۆیانـەوە، جەنگـەکان بـۆ دەسـت بەسـەرداگرتنی ڕێگەکانـی بازرگانـی، یـان زەوی کشـتوکاڵی بـوو، هەنـدێ جاریـش چەتەیـی و ڕووت کردنـەوە بـوو.

٢) شارسـتانیەتی یەکسـانی و ئاشـتی، لەگـەڵ هەنـدێ جیـاوازی ئاسـتی کۆمەڵایەتـی و هەنـدێ ئامـاژەی توندوتیـژی، بـەڵام هیـچ بەڵگەیەک بۆ خراپ بەکارهێنـان و جەنـگ نییـە. لـە بەناوبانگترینیـان چاتالهۆیـوک لـە تورکیـا، شارسـتانیەتی دۆڵـی ئینـدوس لـە هینـد و پاکسـتان و نۆرتـی چیکـۆ (کاراڵ) لـە پیـرۆ هیـچ یاسـای نووسـراویان نەبـوو، بـەڵام بـۆ نموونـە مۆرەکـەی دۆڵـی ئینـدوس بـۆ خاوەنداریەتـی موڵـک، ئاشـتی لـە کۆمەڵگەکـەدا بەرپـا کردبـوو.

یەکـە ناوخۆییـەکان تـا ڕادەیـەک سـەربەخۆ بـوون تـا ژیـان و کاری ڕۆژانـەی خۆیـان بـەڕێ بکەن. ئەو شارستانیەتە ئاشتی ویستانە ڕاستی ڕای هیـگڵ دەسـەلمێنێ کاتێـک دەڵـێ موڵکـداری مەرجێکـی ئازادییـە، مارکسـیزم گریمانـەی ئـەوەی هەبـوو نەمانـی موڵکـداری تایبـەت، سـەرەتای دادپـەروەری، ئاشـتی و یەکسـانییە، بـەڵام وا نەبـوو. لەگـەڵ ئەوەیـش شارسـتانیەتی ئاشـتیخواز بـەرەو نەمـان چـوو، لـە نـاو ئـەو شارسـتانیەتانەدا کۆمەڵـگە بـۆ مەبەسـتی کۆمەڵـگە دانەمەزرابـوو، بەڵکـوو بۆ بەکارهێنانـی سروشـت دروسـت بووبـوو، کۆمەڵـگە چینبەنـدەکان بوونـە ئاراسـتەی سـەرەکی گەشەسـەندن، سـەرەتا سـەرەخێڵەکان، دواتـر ئیمپراتۆرییـەکان و وڵاتـان، لەوانـەدا دەسـەڵات بەسـەر خەڵکـدا بـووە مەبەسـت.

بـە پێچەوانـەی خێڵـە ڕاوچییـەکان، هەمـوو شارسـتانیەتەکان ڕوو لـەدەرەوە و کـراوە بـوون، مەبەستیان فراوانخوازی بوو. کاتێک پێوەندییەکانی نـاوەوە هاوسـەنگ بـوون، فراوانبـوون ئاشـتییانە بـووە. کۆمەڵگە چینبەندەکان پشت بە توندوتیـژی دەبەسـتن، بۆیـە جەنـگ بـووە بەشـێکی مێـژووی مرۆڤایەتـی.

### کۆمەڵگەکانی وڵات، ٥ هەزار ساڵ لەمەوبەر

لـە کۆمەڵگـەی چینبەنـددا، مرۆڤـەکان دژی

ئەوانی دیکە هاوپەیمانییان بەست، بە جۆرێک گەیشتن بە دەسەڵات خۆی بووە مەبەست. ئەوە لە یەکەمین یاسای نووسراوی سۆمەردا دیارە، بە جۆرێک یەکەمین شاری سەربازی دامەزرا، بەکارهێنانی هێز بووە کارێکی گرنگ. دابەشکردنی ئەرکەکانی سەربازیی بووە گرنگترین کار و دابەشکردنی ئەرک و هێز بووە یەکەمین بابەت و کاڵا، بەکارهێنانی سروشت کەوتە ژێر سێبەری دامەزراندنی کۆمەڵگە.

وڵات کۆمەڵگەیەکی چینبەندە تێیدا یاسای فەرمانڕەوا لەسەر بنچینەی دابونەریت نییە، بەڵکوو نووسراوە. لە جێی پێوەندی خزمایەتی، کەسی کارا و سوپای بەهێز بۆ جێبەجێکردنی یاساکان دامەزرا، ئەو جۆرە کۆمەڵگەیەی وڵات بە جیاجیا لە چەند شوێنێکی کەمی جیهان دەرکەوتن، وەکوو ڕێکخراوەی جەنگبازیی وابوون بۆ سەرکوتکردن و خراپ بەکارهێنان بوون، بە بەکارهێنانی یاساکان و نووسینەوە و خوێندنەوە، دەستیان بۆ داگیرکردن و بەخۆوە لکاندنی زەوی و وڵاتانی دیکە واڵا بوو، ئەگەرچی ئیمپراتۆریەتەکان دەردەکەوتن و ئاوا دەبوون، بەڵام هەیکەلی دەوڵەت لە هەموو جیهان لە مێژووی نووسراودا بڵاوبووەوە.

ئەوکاتەی کۆمەڵگەکانی وڵات دروست بوون، مرۆڤ خۆی بووە گەورەترین دوژمنی خۆی. وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەوە، ئاراستەی ئەخلاقی و هیوای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ئاییندەدا دەرکەوتن، کۆمەڵگەکان هەنگاوی گەورەی پێشکەوتنی ڕۆشنبیری، تەکنۆلۆجیا و زانستیان هەڵێنا، ئەو هەنگاوە تینی لە ڕکابەری نێوان ئاراستە جیایەکانی کۆمەڵگە وەردەگرت. نەک تەنیا لە جیاوازی نێوان چینەکانی، بەڵکوو هەر چینەی لە ناو خۆیشی.

**خەسڵەتە دیارەکانی مێژوو، بۆ نموونە ئەمانەی خوارەوە بوون:**

– لە دایکبوونی فەلسەفە لە یۆنانی کۆن

فەلسەفە — گەڕان بە دوای ڕاستیدا وەک کۆتا خاڵ – خاڵێکی وەرچەرخانی سەرنجڕاکێشە لە زانیارییەکانی مرۆڤایەتی، بناغەی شۆڕشی زانستی دانا. گفتوگۆی یۆنانی کۆن سەبارەت بە ڕاستیودروستی تا ئێستەیش بە کۆڵەکەی تێڕوانینی زانستی بۆ سروشتی مرۆڤ دادەنرێ.

– لە دایکبوونی جیهانی هاوچەرخ و ڕۆشنگەریی

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەورووپای ڕۆژئاوا بۆ نموونە لە چاو ڕۆشنبیری و کولتووری چین، زۆر لە پاشی دابوو، بەڵام نەبوونی دەسەڵاتێکی چەقگر وای کرد کۆمەڵگەی بچووک بچووکی سەربەخۆ پێش بکەوێ، لە سەدەی دوازدەوە، بە تایبەتی لە شارەکانی ئیتاڵیا، ئابووری بازاڕی دیموکراتی (ئەوەی پێی دەڵێن سەرمایەداری) بەرهەم هات. پێشکەوتنی زۆری خستە بەردەست، بەڵام لە هەمان کاتدا دژوێژیش بوو.

بەرهەمهێنان بۆ بازاڕ، لە ناو چینی فەرمانڕەواکان پێویستی بە دیموکراسیەت و سەرەوەریی یاسا هەبوو، ئەوە جیهانی نوێی لە جیهانی چینبەندی کۆن، جیا کردەوە. بەربڵاوبوونی بازرگانی، یاساکانی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای سەربەخۆیی وڵاتان، هێنا کایەوە. هزرە ڕۆشنگەرەکان بوونە سەرچاوەی بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی کڵێسا، بیروباوەڕی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ئایین لە وڵات و هزری مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی.

لە سەرەتای شۆڕشی پیشەسازی، کرێکار، تەنانەت منداڵیش ١٦ کاتژمێر بە مووچەی نانە زگ، کاری دەکرد. وڵاتانی داگیرکار (ئیستعمار) داپڵۆسینی زۆریان دژ بە خەڵکی وڵاتانی داگیرکراو

کرد، تا سەربەخۆ بوون. لە هەلومەرجی جیهانی هاوچەرخدا، زۆربەی گەلان دەرفەتی داواکردنی مافی دیموکراتی و یەکسانییان لە دژی یاساکانی خراپ بەکاربردنی ئابووری و بەرتەسککردنەوەی دەربڕینی هزری سیاسی هەبووە، لە کۆمەڵگە چینبەندەکاندا، هەردەم چالاکی سیاسی بۆ پارێزگاریکردن لە یەکسانی و دادپەروەری، لایەنێکی ئەخلاقی تێدایە.

## مارکسیزم و سەردەمی پێشوو

دەرکەوتن و دامرکانەوەی سیستمی سۆشیالیزمی جیهانی و بزووتنەوەکانی جیهانی شیوعییەت، دیارترین خەسڵەتەکانی ئەو سەردەمە بوون، ئەگەر هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ، دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگرین لە دژی دەرکەوت، واتا قۆناغەکانی گەشەسەندنی سەرمایەداریی داگیرکاری و داگیرکاریی هاوچەرخ و جەنگەکانی جیهان. ئابووری بازاڕی دیموکرات و دەسەڵاتی یاسا، سەلماندیان تاکە بناغەی پتەون تا لەسەریان هەڵچنین.

لە لایەکی دیکەوە، بە بێ کورتکردنەوەی تاقیکردنەوەکانی سەردەمی ڕابوردوو و ڕەتکردنەوەی مارکسیزم (بەپێی هیگڵ)، ناکرێ تێڕوانینێکی مێژوویی- فەلسەفی بۆ ڕێڕەو و ئایندەی مرۆڤایەتی، بخرێتە بەردەست.

## سووڕانەوەی سەردەم

کڕین و فرۆشتنی بازاڕی دراو و کاڵاکانی دیکە بوونەتە هێزێکی جیهانی سەرمایەدار. ئەو هێزانەی تێدایە دەتوانن بۆ دیمکراتیبوونی وڵاتێک هەڕەشە بن، لە لایەکی دیکەوە تەکنۆلۆجیای زانیاری دەرفەتی داوەتە هەموو مرۆڤێک بەشداری لە بڕیاری ژیانی تایبەتی خۆیان و هەموو مرۆڤایەتیدا بکەن، بارودۆخی ماددیی لەبار بۆ ڕزگاربوونی تەواوی مرۆڤ بەردەستە. بەدرێژایی مێژوو، بیروڕای دژبەیەک سەبارەت بە خۆخواردن و خۆناسین، لە یاسا دەرچوون و شەرعیەت وەرگرتن، جەنگ و ئاشتی لە نێو هەمان قەوارەی بەڕێوەبردندا هەبووە. هەردوو باڵ بەهێزتر بوون، بەڵام باڵی خۆخواردن و خۆلەناوبردن تا ئێستە باڵا دەستە.

پێشکەوتنی بەرچاو بۆ یەکخستنی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگەکانی وڵاتدا بەدی هاتووە، بەڵام مەبەست لە هەبوونی وڵات بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دژی وڵاتانی دیکەیە کە لە کۆتاییدا دەبێتە جەنگ، تەنیا لەو بارەدا مرۆڤایەتی یەک دەگرێت، ئەگەر گۆڕانکاری ڕیشەیی لە سروشتی وڵاتدا بکەین.

## کۆمەڵگەی جیهانیی – هاوچەرخ و ئایندە

کۆمەڵگەی جیهانیی بە واتای وڵات، وڵات نییە، چونکە هیچ دوژمنێکی دەرەکی نییە. وەک هەموو کۆمەڵگەیەک، بۆ سێ بەشی سەرەکی دابەش دەبێت:

١- هێزی چەق، وەکوو کۆبوونەوەی وڵاتان لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢- وڵاتان و لە ناویاندا حزب و کۆمەڵەکانی دیکەی خاوەن بەرژەوەندی.

٣- کۆمەڵگەی مەدەنی ئەخلاقی، لە ناوخۆوە بۆ ئاستی نێودەوڵەتی.

مرۆڤ وەک جۆرێک لە بوونەوەر یەکەیەکی هەڵبژاردنی سروشتییە. بۆ مانەوەی دەبێ مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای- خۆناسی خۆی- یەکگر بێ، دەنا خۆی لەناو دەبا.

کۆمەڵگەیەکی جیهانی، دەستی بە دەرکەوتن کردووە. بە شێوەیەکی گشتی، دەکرێ خەسڵەتەکانی لەسەر بنەمای مێژووی کۆمەڵگەکان و ئاراستەی

بەرچاوانی گەشەسەندنیان، ببینرێ، بە شێوەیەکی سروشتی، ئەوە پرۆسەی چەند نەوەیەکە، لە ئێستەوە وردەکارییەکانی نابینرێ، ڕەگی کۆمەڵگەی جیهانی لە هێزی یاسای دیموکراتی و پێشکەوتنی یاسای نێودەوڵەتی سەرچاوەی گرتووە، بەڵام وڵاتان، حزبەکان، ئەو کۆمەڵانەی بەرژەوەندی سیاسی و ئابوورییان هەیە، لە ناو ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکاندا لە ڕاستی تەواو ناگەڕێن، جگە لە کۆربەندی ڕاستی، یان کۆمەڵگەی مەدەنی ئەخلاقی (تۆڕی خەڵکن کە دەزانن ئەرک و مافەکانیان چییە - لە کۆمەڵگەی جیهانیدا دەبنە هێزی پاڵنەری گەشەسەندن)، کام بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەتوانێ لە «ڕاستیی ڕەها» لە ناو ئەو هەموو ناکۆکییە سیاسییە و هزرییەدا بگەڕێ؟

بە پێچەوانەی بزووتنەوەکانی گۆڕان لە ڕابوردوودا، کۆمەڵگەی مەدەنی ئەخلاقی جگە لە هەموو مرۆڤایەتی، خزمەت بە بەرژەوەندی هیچ چین و کۆمەڵێک ناکات، وەکوو بزووتنەوەکانی یاخیبوون و ڕەتکردنەوەی یاساکان نییە، بەڵکوو تینووی شۆڕشی یاسایە، تا ئابووری بازاڕی دیموکرات پابەندی یاسا و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان بێ، لە لایەکی دیکەوە، بواری یاسادانان پێویستی بە چاکسازییە. لە هەموو ئەوانیش گرنگتر داواکردنی دروستکردنی دەستەیەکی هەمیشەییە بۆ گەڕان بە دوای ڕاستییەکاندا.

بە هاتنەدی ئەوانەی سەرەوە، وڵاتەکان سروشتی ئیمپریالیبوونیان نامێنێ، تێکۆشان لە پێناو دادپەروەریی، دەبێتە تێکۆشان بۆ گفتوگۆیەکی ڕاستگۆیانە، گفتوگۆی فراوان و ئاست بەرز بۆ تێڕوانینی جیهانیی لەسەر ئاستی نیشتماندا، سەرەکیترین ئامرازی بەهێزکردن و پاڵپشتکردنی هێزی ئایدیۆلۆجی و سیاسی و ئابووری نا چەقبەندییە. میدیا و زانکۆی پڕ ڕەوشت دەبنە «وڵاتی چوارەمی» نوێ کە لە ئاست داواکارییەکانی سەردەمە.

لە کۆمەڵگەی جیهانیدا، مرڤایەتی دەچێتە سەر ڕێڕەوی شۆڕشی ڕەوشت بەرزی. باوەڕی بنچینەیی، بنەما سەرەکییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، وانە سەرەتاییەکانی مێژووی مرۆڤ دەبێت:

١- لە چەق لابردنی هێزی ئایدیۆلۆجی، سیاسی و ئابووری.

٢- لەسەرووی هەموویانەوە ئەوەی ڕاستگۆ و پاڵپشتە و هەستی دادپەروەریی هەیە، دەبێ خەڵات بکرێ.


**سەرچاوە:**

https://newhistory.fi/the-evolutionary-phases-of-human-history/?fbclid=IwAR0WswibsM0cclxbYGCVV6dk7U2Webe2SyBgzwnEzzhSXH7zpan1kmWQ1sc